

# داری کریسمس و ئاهەنگی هاوسەرگیری

**دۆستۆیڤسکی**

**لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح**

یاداشتی نامۆیەک

دەمێک نابێت ئاهەنگێکی هاوسەرگیریم بینی... بەڵام نا! من لە ڕاستیدا حەزدەکەم باسی ئاهەنگێکی کریسمستان بۆ بکەم. ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە خۆشبوو، زۆر بە دڵم بوو، بەڵام ئاهەنگەکەی دی خۆشتر بوو. من نازانم بۆچی، بەڵام کاتێک ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەم بینی، دەبایە دەستبەجێ یادی ئاهەنگی کریسمسەکە بکەمەوە. ئەویشم بەم شێوەیە بینی. کتومت پێنج ساڵ لەمەوبەر بانگهێشتی ئاهەنگێکی منداڵان کرابووم. خاوەنخوێکە بازرگانێکی زۆر بەناوبانگ بوو، کە خاوەنی پەیوەندی و ناسیاو و تەڵەکەبازییەکی زۆربوو، بەشێوەیەک کە ئاهەنگی منداڵەکان تەنها بەهانەیەک

## دەق

بوو بۆ کۆبوونەوەی دایک و باوکەکانیان، هەتاوەکو بە شێوازێکی ڕێکەوت و بە ڕووکەش بێوەی باس لە شتگەلێکی دیکەی گرنگ بکەن. من زۆر بە ڕێکەوت پەڕیبوومە ناو ئەو کۆمەڵگەیەوە. بە هیچ شێوەیەک سەروکارم لەگەڵ ئەو قسەوباسە سەرنجڕاکێشانە نەبوو، کە لەوێ مشتومڕیان لەسەر دەکرا و لە تواناشمدا نەبوو سەرلەبەری ئەو ئێوارەیە بە تەنها و سەربەخۆ ڕابوێرم. ئاغایەکی دیکەش لەوێ بوو، هەڵبەت ئەویش لەناو کۆمەڵەکەدا نامۆ بوو و وەک من زۆر بە ڕێکەوت ڕێی کەوتبووە ناو ئەو ئاهەنگە خێزانییەوە... لە پێش هەمووانەوە ئەو کەوتە بەر چاوم. ئاغایەکی باریک و درێژبوو، ڕووخسار و جلوبەرگی زۆر بەئابوتاب بوون. وا دیاربوو گرنگییەکی ئەوتۆی بە شادیی ناو ئاهانگەکە و بەختەوەریی خێزانەکە نەدەدا. لەگەڵ پێی نایە بنمیچکەوە و وای هەست کرد لەژێر هیچ چاودێرییەکدا نییە، دەستبەجێ بزە لەسەر لێوانی نەما و برۆ ڕەش و ئەستوورەکانی هاتنەوە یەک. خاوەنخوێیەکە نەبێت، کەسی لەناو حەشاماتەکەدا نەدەناسی. بێزارییەکی کوشندە لە چاوانیدا دیاربوو. بەڵام وادیاربوو بڕیاری دابوو هەتا کۆتایی ڕۆڵی میوانێکی خۆشبەخت و دەم بە خەندە ببینێت. دواتر بۆم دەرکەوت، کە ئەو ئاغایە لە هەرێمێکەوە هاتبوو، تاوەکو لە پایتەخت بازرگانییەکی گرنگ و سەخت بە ئەنجام بگەیەنێت. لەگەڵ خۆیدا پەسەندنامەیەکی بۆ خاوەنخوێکە هێنابوو، ئەویش بێگومان لە خۆشحاڵیی خۆیدا پێشوازیی لێنەکردبوو و تەنها لەبەر ڕێزو حورمەت بانگهێشتی ئاهەنگەکەی کردبوو.

کەس یاریی کاغەزی نەدەکرد. کەس سیگارێکی پێشکەش نەکرد، کەس ڕاینەکێشایە ناو گفتوگۆی خۆیەوە. ڕەنگبوو وتبێتیان مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، بەو شێوەیە ئاغا ناچاربوو خۆی بە دەستەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بکات، سەرتاسەری ئێوارە دەست بە ڕیشیدا بهێنێت. ڕیشی بە ڕاستی جوان هەڵکەوتبوو، بەڵام ئەو هێند بە هیمەت دەستی پیادا دەهێنا، کە مرۆڤ لەگەڵ دیمەنیدا وای بیر دەکردەوە، خوا سەرەتا ڕیشی خەڵق کردووە و پاشان ئەو ئاغایە، تاوەکو دەست بە ڕیشەکەدا بهێنێت.


ئەو مەخلوقەی لێدەرچێت، کە بە چەشنی ناوبراو بەشداریی بەختی ئەو خێزانە بوو -بۆ تێبینیتان خاوەنی شەش کوڕی زیتەڵەی چکۆلانەبوو- ئاغایەکی دیکەش سەرنجی ڕاکێشام. ئەو لە توخمێکی دیکەبوو. زاتێک بوو بۆ خۆی. خەڵکی بە جولیان ماستاکۆڤیچ بانگیان دەکرد. لە یەکەم نیگادا هەستت دەکرد کە ئەو میوانێکی ڕێزلێگیراوەو لەگەڵ ئاغایماڵەکەدا لە هەمان پەیوەندیدایە، کە خاوەن ماڵەکە لەگەڵ کاکی ڕیشندا هەیبوو. ئاغا و خانمی ماڵەکە چەندین ستایشیان بەسەردا هەڵدا، مەراییان بۆ کرد، بە هیمەت و تەنتەنەیەک باشترین خواردنەوەیان پێشکەش دەکرد و هەموو میوانەکانی دیکەیان پێدەناساند. کاتێک میوانەکە گوتی بە دەگمەن ئێوارەیەکی وەها خۆشی ڕابواردووە، من بینیم کە چۆن ئەسرینی بەختەوەری چاوی خاوەنماڵیان تەڕ کرد.

کەسایەتیی لەو چەشنە هەمیشە بڕێک ترس دەخەنە دڵمەوە، ئیدی لەبەر ئەوە، پاش ئەوەی لە تەماشای ئاهەنگی منداڵەکان تێربووم، کشامەوە ناو ساڵۆنێکی چکۆلانەی چۆڵ و هۆڵ و لەژێر کەپرێکی لاولاودا، کە نیوەی ژوورەکەی گرتبوو، دانیشتم.

منداڵەکان زۆر خۆشڕوو و ئازیزبوون و سەرەڕای هەرەشە و ئاگادارکردنەوەکانی دایەن و دایکەکانیان بە هیچ چەشنێک نەیاندەویست لە گەورەکان بچن. لە ماوەی یەک لەحزەدا سەرلەبەری داری کریسمسەکەیان هەتا دواهەمین چکلێت ڕاووڕووت کرد و نیوەی یارییەکانیان

شکاند، هەرگیز بەر لەوەی بزانن کامەیان بۆ کێیە. لە هەمووان ئازیزتر مێردمنداڵێکی قژلوول و چاوڕەش بوو، کە چەند جارێک بە تفەنگە گاڵتینەکەی تەقەی لێکردم، بەڵام خوشکەکەی زیاتر دەردەکەوت، کچێکی یانزە ساڵان بوو، خۆشەویست وەک فریشتە، هێمن و خەیاڵبردوو، زەردهەڵگەڕاو و چاومەست. منداڵەکانی دیکە بە جۆرێک لە جۆرەکان زویریان کردبوو و ئیدی ئەویش لەبەر ئەوە بۆ ناو ساڵۆنە چکۆلانەی کە من تیایدا دانیشتبووم کشابووەوە و لە قوژبنێکدا کەوتە یاری کردن بە بووکەشووشەکەی. میوانەکان بە ڕێزو حورمەتێکی زۆرەوە دەستیان بۆ شەرابسازێکی زەنگین درێژ دەکرد، کە باوکی کچەکە بوو و یەکێکیش بە چپەیەک گوتی، بۆ دیاریی بووکێنی هەر لە ئێستاوە سێ سەد هەزار ڕوبڵی بۆ دانراوە. منیش ئاوڕم دایەوە تاوەکو تەماشای ئەو خەڵکە بکەم، کە ئەو خەبەرە زۆر سەرنجی ڕاکێشابوون و لەویادا نیگام کەوتە سەر جولیان ماستاکۆڤیچ، کە دەست لەسەر پشت وریایانە گوێی بۆ دەمەتەقێی حەشاماتەکە هەڵخستبوو.

پاشان بە ژێری خاوەنخوێکە سەرسام بووم، کە لە دابەشکردنی دیارییەکان بەسەر منداڵەکاندا نیشانی دا. ئەو کچەی کە هەر لە ئێستاوە خاوەنی سێ سەد هەزار ڕوبڵ بوو، بووکەشووشەیەکی زۆر گرانبەهای بەرکەوت. پاشان بە ڕیزێک، کە تیایدا بەهای شتوومەکەکان هەر دەهات و کەمی دەکرد، دیارییەکانی دیکەی بەپێی ئاستی دایک و باوکی منداڵە بەختەوەرەکان بەدوادا هاتن. لە کۆتاییدا کوڕێکی نزیکی دە ساڵانی، چکۆلانەی، لاوازی، دەموچاو کونجاوی، پرچ سوور سەرەی هات، کە تەنها کتێبی کۆمەڵە چیرۆکێکی بەرکەوت، کە هەموو باسی هەیبەتی سروشت و فرمێسکی پڕهەست و نەست و ئەم جۆرە شتانەیان تیادا بوو، بەڵام بەبێ هیچ نەخش و وێنەیەک. ئەویان کوڕی دایەنی ماڵەکە بوو، ڕۆڵەی بێوەژنێکی داماو، کە زۆر لە شەرمن و ترسێنراو دەچوو. چاکەتێکی فەقیرانەی لە قوماشی نانکینی چینی لەبەردابوو. لە پاش ئەوەی کتێبەکەی وەرگرت ماوەیەکی زۆر لە دەوری یارییەکانی دیکەدا گەڕا؛ دیاربوو ئارەزوویەکی گەورەی هەبوو یاری لەگەڵ منداڵەکانی دیکەدا بکات، بەڵام زاتی نەدەکرد. تەواو لە ڕووخساری دیاربوو کە لەناو ماڵەکەدا پلە و شوێنی خۆی دەزانێت.




من چێژێکی زۆر لە چاودێریکردنی منداڵاندا دەبینم. شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە کاتێک یەکەمین چەکەرەی ژیانێکی خۆبەخۆ تیایاندا سەرهەڵدەدات. من هەستم بەوە دەکرد، کە یاریی منداڵەکانی دیکە بەتایبەتی شانۆی بووکی جیبجیبەخانمەکان، کە دەیویست تیایدا ڕۆڵێک لە ڕۆڵەکان ببینێت، هێند ڕایانکێشابوو کە تەنانەت ڕازیبوو دەوری خشۆکێک ببینێت. بزەی بۆ منداڵەکانی دیکە دەکرد، مەرایی بۆ دەکردن و سێوەکەی خۆی پێشکەشی منداڵێکی قەڵەوی ناڕەسەن کرد، کە خۆی تۆپەڵێک شیرینی و ئەسبابی ملچە لە دەسرِی گیرفانەکەیدا بوو. بەوەش نەوەستا، تەنانەت چووە سەر چوارپەل و ناڕەسەنێکی دیکە وەک ولاخ لێی دەخوڕی: ئەم هەموو بەزمە تەنها لەبەرئەوەی ڕێی پێ بدەن لە شانۆگەرییەکەدا بەشداری بکات، بەڵام پاش چەند خولەکێک لەلایەن منداڵێکی دیکەی هاروهاجەوە تێهەڵدانێکی تێروپڕی خوارد. کوڕەی داماویش زاتی نەدەکرد بگری. ئینجا دایەنەکە، واتا دایکی پەیدابوو و پێی گوت، با یاری لە منداڵەکانی دیکە تێک نەدات. مێردمنداڵەکەش ڕۆیشتە ناو هەمان ساڵۆنەوە، کە کچەکە تیایدا دانیشتبوو. کچەکەش بانگی کردە لای خۆی و پاشان هەردووکیان بە هیمەتێکی زۆرەوە دەستیان کرد بە بەرگپۆشکردنی بووکەشووشە بەنرخەکە.

# دەق

ئێستا نیو سەعات دەبوو لەژێر کەپری لاولاوەکەدا دانیشتبووم و وەختبوو لەگەڵ گفتوگۆی کوڕە پرچ سوورەکەدا لەگەڵ ئەو کچە جوانکیلەیەدا، کە سێ سەد هەزار ڕوبڵ بوکانەکەی بوو، خەوم لێدەکەوت، ئەوکات جولیان ماستاکۆڤیچ پێی نایە هۆڵەکەوە.
جۆرێک لە دەمەقاڵە وناکۆکیی نێوان منداڵەکان سەرنجی میوانەکانی ڕاکێشابوو، جولیان ماستاکۆڤیچیش خۆی لە حەشاماتەکە دزییەوە. من بینیم کەمێک لەمەوبەر بە باوکی بووکە دەوڵەمەندەکەی دواڕۆژ ناسێنرا و لەگەڵیدا باسی لە سوودەکانی جۆرێک لە جۆرەکانی پیشەی فەرمانبەری کرد. ئێستاش نغرۆ لە فکردا لێرەدا وەستابوو و لەوە دەچوو بە پەنجەکانی شتێک حیساب بکات. بە ئەسپایی دەیچرپاند: «سێ سەد... سێ سەد... یانزە... دوانزە... سیانزە... پێنج ساڵی ماوە بۆ شانزە ساڵ! با وای دانێین لە سەدا چوار، دەکاتە دوانزە، پێنج کەڕەت دوانزە دەکاتە شەست؛ ئنجا ئەو شەستە... هەموو پێکڕا لە پێنج ساڵدا دەبێتە چوارسەد... بەڵێ! خراپ نییە... بەڵام بە لە سەدا چوار دایناوە، ئەو زۆرزانە. هەڵبەت هەشت یان دە لە سەد وەردەگرێت. کەوابێ لانی کەم پێنج کەڕەت سەد هەزاری دەبێت، بێگومان؛ باقییەکەشی دەڕوات بۆ باج، هەمم...»
حیسابەکەی تەواوکرد و لوتی سڕییەوە و ویستی هۆڵەکە بەجێهێڵێتەوە، بەڵام لەناکاو کچەکەی بینی. من لە پشت ئینجانەی گوڵێکەوە دانیشتبووم و بەوجۆرە ئەو منی نەدەبینی. لەوە دەچوو زۆر شڵەژابێت. من نازانم ئاخۆ ئیشی دەرئەنجامی حیسابەکەی بوو یاخود شتێکی دیکە. هەر دەستی لە یەک دەخشاندن و نەیدەتوانی بە ئارامی ڕاوەستێت. بە شڵەژاوییەکی بێوێنەوە، کە هەردەهات و زیادی دەکرد، نیگایەکی دیکەی لە بووکی دواڕۆژ گرت. ویستی بڕوات بۆ لای، بەڵام سەرەتا بەگومانەوە تەماشای چوار دەوری خۆی کرد. پاشان لەسەر نووکەپێ، وەک ئەوەی هەست بە تاوانباری بکات، لە منداڵەکە نیزیکبووەوە. بزەیەکی بۆ کچە چکۆلانەکە کرد، بەسەریدا چەمییەوە و سەری ماچ کرد. منداڵەکەش، کە چاوەڕێی ئەو بەسەردادانەی نەکردبوو، داچڵەکی و هاوارێکی لێ هەستا.
بە چرپەوە پرسیی: «منداڵی ئازیز، ئێوە لێرە چی دەکەن؟»، لەگەڵ ئەوەدا تەماشای چواردەوری خۆی دەکرد و دەستی بە گۆنای کچەکەدا دەهێنا.
«ئێمە یاری دەکەین...»
جولیان ماستاکۆڤیچیش تیلە چاوێکی لە مێردمنداڵەکە گرت و وتی: «ئاوا... لەگەڵ ئەوەدا؟»
ئنجا بە کوڕەکەی وت: «هاوڕێم، باشترە تۆ بڕۆیت بۆ ساڵۆنەکە.»
منداڵەکە هیچی نەگوت، چاوی زەق دەرپەڕیبوون و لە ماستاکۆڤیچی بڕیبوون. ماستاکۆڤیچیش جارێکی دیکە تەماشای چواردەوری خۆی کردەوە و هەمدیس بەسەر کچە چکۆلانەکەدا چەمییەوە و بە ئەسپایی لێی پرسی: «منداڵی ئازیز، ئەو بووکەشووشەتان پێیە؟»
کچەکەش لە وەڵامێکی شەرمنانەدا وتی: «بەڵێ، بووکەشووشە.» و دەموچاوی لێک هەڵقرچاند.
«ئاه، بووکەشووشە... ئەی دەزانن، بووکەشووشەکەتان لە چی دروستکراوە؟»
کچە چکۆلانەکە هێند بە ئەسپایی وتی: «نازانم...» کە بە ئاستەم گوێت لێی دەبوو و سەری دانەواند.
«لە لۆکە دروست دەکرێت، دڵی من.»، پاشان بە نیگایەکی سەرسەختانەوە بە مێردمنداڵەکەی گوت: «ئەی باشتر نییە تۆ بڕۆیتەوە بۆ ساڵۆنەکە، کوڕی من؟!»
کوڕ و کچەکە ڕووخسارێکی ئاسوودە هاتە سەر دەموچاویان و دەستی یەکتریان گرت. هەڵبەت

نەیاندەویست لەیەک جودا ببنەوە.
جولیان ماستاکۆڤیچ درێژەی بە پرسیارەکانی خۆی دا و تا دەهات دەنگی کپتر دەبوو: «ئەی دەزانن، بۆچی ئەو بووکەشووشەیەتان پێشکەشکراوە؟»
«نازانم.»
«لەبەرئەوەی ئێوە سەرانسەری ئەم هەفتەیە منداڵێکی بە ڕەوشت و عاقڵ بوون!»
جولیان ماستاکۆڤیچ، کە ئاستی شڵەژاوییەکەی گەیشتبووە ترۆپک، سەرلەنوێ سەیری چواردەوری خۆی کردەوە، دەنگی هێندەی تریش کزکرد و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە، کە بە ئاستەم گوێت لێ دەبوو، وتی: «منداڵی ئازیز، ئەی منتان خۆشدەوێت، گەر من بە سەردان بێم بۆ لای دایک و باوکتان؟»
لەگەڵ ئەو وشانەدا ویستی کچە ژیرەکە ماچ بکات، بەڵام کوڕە پرچ سوورەکە، کە دەیبینی کچەکە وەختە دەست دەکاتە گریان، دەستی کچەی گرت و لە تاوی ئەودا دەستی کردە هاوار و گریان. ئێستا جولیان ماستاکۆڤیچ بەڕاستی توڕەبوو و بەسەر کوڕە چکۆلانەکەدا نەڕاندی: «لێرە برۆ! لەم ناوە مەمێنە! برۆ بۆ ساڵۆنەکە! بۆ لای هاوڕێکانت!»
کچەکەش دەیگوت: «نەخێر، من نامەوێت! من نامەوێت! ئێوە خۆتان برۆن! لێی گەڕێن! لێی گەڕێن!»، ئێستا وەخت بوو فرمێسکی دەڕشت.
لە دەرگاکەوە دەنگی گفتوگۆیەک هات؛ جولیان ماستاکۆڤیچ داچڵەکی و بەخۆی و جەستە خاوەنشکۆکەیەوە قینج بووەوە، بەڵام لەو خراپتر کوڕە پرچ سوورەکە داچڵەکی. کچەکەی بە تەنها جێهێشت و بێ چرپە بە تەنیشت دیوارەکەوە دزەی کردە ناو ساڵۆنەکەوە و لەوێوە بۆ ژووری نانخواردن.
جولیان ماستاکۆڤیچیش، بۆ ئەوەی هیچ گومانی نەیەتە سەر، ڕۆیشتە ژووری نانخواردنەکەوە. ڕەنگی وەک تەماتە سوورهەڵگەڕابوو و کاتێک بەڕێکەوت لە ئاوێنەیەکدا خۆی بینی، لەوەدەچوو لەدیار ڕووخساری خۆی شەرمەزار بێت. ڕەنگبوو لە پەلەپەل و بێسەبرییەکەی خۆی تووڕەبووبێت. ڕەنگە حیسابی سەر پەنجەکانی خۆی هێند هێنابێتییە جۆش، کە تەواوی ڕکێف و شکۆمەندیی خۆی وەلاوە نابێت و بڕیاری دابێت وەک مێردمنداڵێکی گێل هەڵسوکەوت بکات و هەوڵ بدات ئەو شتەی حەزی لێیەتی بە لێشاوێک داگیربکات، ئەگەرچی ئەو شتەی کە حەزی پێی دەکرد سەرەتا لەپاش پێنج ساڵ دەبووە شتێکی ڕاستەقینە. منیش دوای ئەو ئاغا پڕشکۆیە کەوتم بۆ ژووری نانخواردن، لەویادا شتێکی سەیر لەپێش چاومدا نمایشکرا. جولیان ماستاکۆڤیچ، کە لە کینە و بەدخواییدا سوورهەڵگەڕابوو، هەوڵی دەدا کوڕە پرچ سوورەکە لە ژووری نانخواردنەکە ڕاوبنێت، بەڵام کوڕە چکۆلانەکەش بەردەوام لە دەستی هەڵدەهات و دەکشایەوە و دواجار لە ترسا نەیدەزانی بخەزێتە چ قوژبنێکەوە.
«برۆ دەرەوە! برۆ دەرەوە! تۆ چی دەکەیت لێرە، هەی نارەسەن؟ میوە لەسەر مێزەکە دەدزیت، ها؟ میوە دەدزیت؟ برۆ دەرەوە، هەی بێفەڕی چڵمن! برۆ بۆ لای هاوڕێکانت...»
مێردمنداڵە تۆقیوەکە هیچ چارەیەکی نەما و بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت خۆی فڕێدایە ژێر مێزەکەوە. ئێستا شوێنکەوتووە کینەدارەکەی دەسەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێنا و هەوڵی دەدا وەک قامچی بۆ ڕاونانی مێردمنداڵەکە، کە بێدەنگ و ترسێنراو خۆی لەژێر مێزەکەدا مەڵاسدابوو، بەکاری بهێنێت.
دەبێت تێبینیی ئەوەش بکەم، کە جولیان ماستاکۆڤیچ جەستەیەکی خڕپنی هەبوو. پیاوێکی تێری، ڕوومەتسووری پتەوبوو، ڕانەکانی ئەستوور، خۆشی



خڕ وەک گوێز. عارەق و مڵشمە مڵشمێکی قێزەونانەی لێوە دەهات و ئێجگار سوورهەڵگەڕابوو. ئێستا بەرەبەرە تەواوی ڕکێفی خۆی لەدەست دەدا، کین و تووڕەییەکەی هێند گەورە بوو، کێش دەزانێت، ڕەنگە دڵپیسییەکەشی هێند گەورە بووبێت. من پڕ بە قوڕگم دامە قاقای پێکەنین. جولیان ماستاکۆڤیچ ئاوڕی بۆ من دایەوە و سەرەڕای هەموو هەیبەتە شاهانەکەی شەرمەزارییەکی بێوێنە دایگرت. لەو ئانوساتەدا لە دەرگاکەی بەرامبەرەوە خاوەنماڵەکە دەرکەوت. مێردمنداڵەکە لەژێر میزەکەوە هاتەدەر و ئەنیشک و ئەژنۆی خۆی سڕییەوە. جولیان ماستاکۆڤیچیش پەلەی بوو دەسەسڕاکە بۆ لوتی بەرێت، وەک ئەوەی بیەوێت لوتی بسڕێت. خاوەنماڵەکە سەرسامانە لە هەرسێکمانی ڕوانی، بەڵام وەک پیاوێک، کە ژیان دەناسێت و پێی ئاشنایە و هەمیشە دیوە جدییەکەی وەردەگرێت، دەستبەجێ هەلەکەی قۆستەوە، تاوەکو بتوانێت بەبێ ئامادەگی شایەتحاڵێکی زۆر لەگەڵ میوانەکەدا قسە بکات.

لە کاتێکدا ئاماژەی بە مێردمنداڵە پرچ سوورەکە کرد، وتی: «ئەمە ئەو کوڕەیە کە ڕێم بە خۆمدا تکا لە بەڕێزتاندا بکەم شتێکی بۆ بکەن...»

جولیان ماستاکۆڤیچ، کە هێشتا نەهاتبووەوە سەر خۆی، وتی: «ئاها ئاوها!»

خاوەنماڵەکە بە دەنگێکی تکادارانە درێژەی پێدا: «کوڕی دایەنی منداڵەکانمە. دایکی ئافرەتێکی دەستکورتە، بێوەژنی فەرمانبەرێکی زۆر ڕاستگۆیە، بۆیە گەر ئەرک نییە و دەکرێت، جولیان ماستاکۆڤیچ...»

لێرەدا جولیان ماستاکۆڤیچ بە پەلەپروزە قسەکەی پێبڕی: «ئاه، نا نا، دەبێت بمبورن فیلیپ ئالێکسێجێڤیچ، بەڵام بەڕاستی دەست نادات. سۆراخی مەسەلەکەم کرد، یەک جێگەی بەتاڵ چییە نیانە، خۆ ئەگەر جێگەی بەتاڵیش هەبایە، ئەوا دەیانی کە چاوەڕێن، کە زۆر شایانترن لە ئەم... بەڕاستی جێی داخە، بمبەخشن...»

خاوەنماڵەکە وتی: «بەداخەوە، چونکە منداڵێکی زۆر بێدەنگ و سادە و ساکارە...»

جولیان ماستاکۆڤیچ بێزارانە لچی هەڵقرچاند وتی: «وەکو من دەیبینم، کوڕێکی نارەسەنی بەدڕەوشتە.»، ئنجا ڕووی کردەوە مێردمنداڵەکە، «لێرە مەمێنە کوڕە! بۆچی لێرەدا وەستاویت؟ بڕۆ بۆ لای هاوڕێکانت!»

دیار بوو کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدابوو و تیلەچاوێکیشی لە من گرت. منیش خۆمم بەهەمان شێوە بە ڕوویدا پێکەنیم. جولیان ماستاکۆڤیچ دەستبەجێ ڕووی وەرگەڕاند و بەشێوازێکی تیاترۆییانە، بۆ ئەوەی منیش سەد دەر سەد هەستی پێ بکەم پرسی: «ئەو کوڕە گەنجە سەیرە کێیە؟»

ئیدی هەردووکیان دایانە چرپەچرپ و ژوورەکەیان جێهێشت. منیش بینیم، جولیان ماستاکۆڤیچ گوێی بۆ قسەکانی خاوەنماڵەکە ڕادێرابوو و بەگومانەوە سەری ڕادەوەشاند. کاتێک تێر پێکەنیم گەڕامەوە بۆ ناو ساڵۆنەکە. پیاوە مەزنەکە، کە دایکان و باوکان ئابلۆقەیان دابوو، لەویادا وەستا بوو و بە جۆشوخرۆشەوە لەگەڵ خانمێکدا قسەی دەکرد، کە ئێستا پێی ناسێنرابوو. خانمەکە دەستی ئەو کچە چکۆلانەیەی لە دەستدا بوو، کە ئێستا جولیان ماستاکۆڤیچ لە هۆڵەکەدا ئەو تیاترۆیەی لەگەڵدا کرد. ئێستاش داباریبووە ستایشکردنی جوانی و بەهرەمەندی و هەیبەت و ڕەوشتی منداڵە جوانەکە. بە ئاشکرا مەرایی بۆ دەکرد. دایکی منداڵەکە گوێی بۆ گرتبوو، لەخۆشیاندا لە ئەسرین نێزیک بوو. دەمی باوکەکە بزەیەکی لەسەر بوو. خاوەنماڵەکە بەو

هەموو بەختەوەرییەی ڕژابووە ماڵەکەیەوە مەست بووبوو. تەنانەت هەر یەک لە میوانەکان بەشی خۆیان بەشداربوون، تەنانەت منداڵەکان ناچارکران یارییەکانیان بوەستێنن، تاوەکو گفتوگۆکە تێکنەدەن. فەزای ماڵەکە پڕبوو لە ڕێز و حورمەت. دواتر گوێم لێبوو، دایکی کچە سەرنجڕاکێشەکە، کە هەتا قوڵایی ڕۆحی شادمان بوو، بە کۆمەڵێک ڕستە و موبالاتی تایبەت تکای لە جولیان ماستاکۆڤیچ کرد تەشریفیان پێ ببڕێت و بە سەردانێک سەریان بەرز بکات، گوێشم لێ بوو جولیان ماستاکۆڤیچ بە چی جۆش و خرۆشێکەوە داوەتەکەی قبوڵ کرد. دواتر هەموو میوانەکان-هەڵبەت دابونەریت وای دەخواست- هەریەکەی بەلایەکدا پەرشوبڵاوبوونەوە و گۆرانییەکی ستایشیان بەسەر شەرابساز و خێزانەکەی و کچەکەی بەگشتی و بەسەر جولیان ماستاکۆڤیچدا بەتایبەتی وت. من زۆر بە دەنگێکی بەرز لە یەکێک لەو ناسیاوانەم پرسی، کە لە هەموویان نزیکتر لە جولیان ماتاکۆڤیچەوە وەستا بوو: «ئەم ئاغایە هاوسەری پێکهێناوە؟»

جولیان ماستاکۆڤیچ نیگایەکی هەڵسەنگەرانە و تووڕەی تێگرتم.

ناسیاوەکەشم وتی نەخێر. ئەویش هەتا قوڵایی جەوهەری خۆی بە قسەنەزانی و بێشعورییەکەی من زویر بوو.

لەمێژ نییە بەلای کەنیسەکەدا تێپەڕیم. کۆمەڵێک خەڵکی گەورە لەپێش دەروازەی کەنیسەکەدا سەرنجی ڕاکێشام. هەمووان باسیان لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری دەکرد. ڕۆژێکی غەمگین و لێڵ بوو، ئیدی چونکە لەو ئانوساتەدا دەستی دەکردە باران خۆم بەناو حەشاماتەکەدا بەرەو ناو کەنیسەکە کێش کرد. لێرەدا زاوام بینی. پیاوێکی باڵانزمی، تێری، خرپن بوو، جلوبەرگی زۆر بە ئابوتاب بوو. سەرقاڵانە دەهات و دەچوو و خەریکی دواهەمین ئامادەکارییەکان بوو. خەڵکەکە هەر زوو کەوتنە چرپەچرپ و دەیانگوت، بووک گەیشتووە. منیش بە پاڵەپەستۆ خۆم لێبردە پێشێ و چاوم بە جوانییەک کەوت، کە بە هەموو هێزی ڕاکێشانە خوداییەکانی بەهارەوە ڕازێندرابووەوە. بەڵام پەرییەکە ڕەنپەڕیو و غەمگین بوو. گومڕا و سەرلێشێواو نیگای دەورانی دەکرد و تەنانەت وا دەردەکەوت چاوانی لە فرمێسکدا سوور بووبن. جۆرێک لە سەرسەختییەکی دێرین بە هێڵەکانی دەموچاوییەوە شتێکی جدی و خاوەنشکۆیی بە ڕووخساری بەخشیبوو، بەڵام بەناو ئەو سەرسەختی و بە هەیبەتییەیدا، بەناو ئەو غەمگینییەدا سەرلەبەری بێگوناهی و پاکیی گەنجێنی بریسکەی دەدایەوە. لە سەرجەمی جەوهەرییەوە شتێکی خۆشباوەڕ، نەرمونییان، منداڵانە، کە وەسفی بۆ نییە، دەپاڕایەوە و داوای ڕەحمی دەکرد.

خەڵکەکە دەیانگوت بە ئاستەم شانزە ساڵ دەبێت و نابێت. منیش جارێکی دیکە لە کاکی زاوا وردبوومەوە و جولیا ماستاکۆڤیچم ناسییەوە، کە پێنج ساڵ دەبوو نەمبینیبوو. پاشان چاوم خستەوە سەر بووکەکە... ئای خودا!

من هەوڵم دا هەتا زووە کەنیسەکە جێبهێڵم. جەماوەرەکە باسیان لەوە دەکرد، کە بووکەکە زۆر زەنگینە، خاوەنی بووکانەیەکی پێنج سەد هەزار ڕوبڵییە بە نەقدی... و بایی ئەوەندە و ئەوەندە شتومەک و...

منیش، لە کاتێکدا پێم نایە سەر شەقامەکە، بە خۆمم وت: «کەوابێ حیسابەکەی تەواوە!».

**سەرچاوە:**

Europäischer Hochschulverlag GmbH & Co KG